# پارتی سەربەخۆیی کوردستان

لە ساڵی 1990 لە سەر بنەمای سەربەخۆییخوازی بۆ کوردستان دامەزراوە، ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستانە. لەگەڵ ئەوەش کە ئامانجێ ئێمە سەربەخۆیی کوردستانە، لە ئەگەری روخانی رێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئەوە خەڵکی کوردستانە کە لە رفراندۆمێکی ئازاد دا داهاتووی خۆیان دیاری دەکەن.

ئێمە پێمانوایە:

کورستان وڵاتێکە بە پێی نە خشە ی ئیمپریالیستی دوای جە نگی جیهانی یە کە م داگیر ودابە ش کراوە. ئە وداگیر و دابە ش کردنە لە شێواز و فۆرمی سە ر بازی، سیاسی، ئابووری و فە ر ھە نگیە وە بە ر چاوە ولە رێگای رژیمە داگیر کەرەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریە وە هەتا ئێستەش درێژەی هەیە.

کوردستان یک وڵات و کۆرد یک نەتەوەیە. ئەم سنوورە دەستکرانەی هەنووکیی بە فەڕمی ناناسین.

خەبات لە کوردستاندا، خەباتی رزگاریخوازی یەکجاریە وناکۆکی سەرەکی ناکۆکی بەینی نەتەوەی کورد و داگیر کەرانی کوردستانە.

خە باتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، خەباتێکە ئینسانی، ئازادیخواز، دیموکراتیک وپێشکەوتوو، خەباتێکی یەکسانیخوازە دژ بە دواکەوتویی وکۆنە پەرەستی و چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان.

خەباتی رزگاریخوازی یەکجاری و رەهایی نەتەوەی کورد، تێکۆشانێکی بەر هەق و ئینسانیە و لە هەمان کاتدا تاکە رێگای خەباتە.

پشتیوانی بزوتنەوەکانی دژی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان دەکەین، بە پلاتفورم و تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆمانەوە.

ریفراندۆم لە کوردستان یەکێ لە خاڵە سەرەکیەکانی ئەو پلاتفۆرمەیە.

خەباتی سیاسی، مەدەنی و دیپلوماسی بە رەوا و بە خەباتی خۆمانی دەزانین.

هەوڵ دەدەین بۆ گەڕانەوەی مافی بریاردانی خەڵک، کە بە درێژایی مێژو لێی زەوت کراوە، لە رێگای ریفراندومەوە بکەینە کولتورێکی کۆمەڵایەتی.

لایەنگری یەکسانی رەگەزین لە هەموو بوارەکانی ژیان لە کۆمەڵگادا.

بڕوامان بە پاراستنی مافی مندالان، لە چوارچێوەی کۆنواسیونی مافی منداڵانی نەتەوەیەکگرتیوەکان، هەیە و هەوڵی بۆ دەدەین.

بڕوامان بە پلورالیزمی سیاسی هەیە.

لایەنگری برایەتی نەتەوەکانین و هەوڵ بۆ ئاشتی جیهانی دەدەین.
بڕوامان بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە و خەباتی بۆ دەکەین.
بڕوامان بە ژینگەپارێزی هەیە و هەوڵی بۆ دەدەین.
ئێستاش لە سەدەی 21یەکدا بە پێی ئەو زوڵم و زۆر و تاوانانەی بەرەنبەرمان دەکرێت ولاتەکەمان کۆلۆنیە و بگرە لە کۆڵۆنیش زیدەترە.
لە کوردستان نەک هەر مافی مرۆڤ، بەڵکە مەوجودیەت و ناسنامەی نەتەوەییشمان هەرەشەی فەوتانی لە سەرە.
لە مێژوی وڵاتانی کولونی، داگیرکەران تەنیا تالانی هێزی کار و داهات و سەرچاوە داراییەکانیان کردووە، بەلام لە ولاتی داگیرکراوی ئێمەدا بێجگە لە تاڵان تەنانەت کوشتنی بەکۆمەڵ، ژینوسایدو لە بەین بردنی کولتور،مێژوو، خاک زۆر ئاساییە.
بۆ وێنە:
قەتڵ وعامی کوردانی دەرسیم لە کاتی دەسەڵاتی ئەتاتورک.
راگواستنی کوردان لە جێگا و رێگای خۆیان.
ئینکار و بێناسنامە کردنی کوردان لە رۆژئاوا (سوریا) بە شیوەیەک نەتوانن خاوەنی ماڵ و دارایی خۆیان بن.
ئینکاری نەتەوەی کورد لە تورکیا و ناسینیان وەک تورکی کێوی.
کارەساتی هەلەبجە.
وێرانکردنی زیاتر لە 4000 گوندی ولاتەکەمان.
کارەساتی شومی ئەنفال.
بە عەرەب و فارس و تورک کردنی ناوچەکانمان.
کارەساتی قارنێ و قەڵاتان.
جیهادی دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.
بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت.
ئێعدامی یەک لە دوی یەکی رۆڵەکانی ولاتەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان.
وێرانکردنی ژینگە بە چەکی قەدەغەکراو.
دواکەوتوویی ئابووری
لەگەڵ ئەم هەموو تاوانە ئاشکرایانەی کە بەرانبەر بە نەتەوەی ئێمە دەکرێت، هەتا ئێستا هیچ ئاڵترناتیف یان پلادفورمێک لە لایەن یوئێن و باقی دەسەڵاتدارانی جیهانەوە کە خۆیان بە لانکەی دیموکراسی و مرۆڤدۆستی

دادەنێن بۆ رزگاری ئەم نەتەوەیە پێشکەش نەکراوە.
ئێستاش کوردستان لە ژێر ئەم بارە نالەبارانەدا دەناڵێنێ.
دەرسەدێکی یەکجار زۆر لە خەڵکی ئێمە بێکارە، ژنان کە نیوەی کۆمەڵگان نزیکەی تەنیا 10لە سەدیان لە کاردان، رێژەی بێکاری پیاوان دەگاتە زیاتر لە 25لە سەد.

گەنجان

رێژەیەکی یەکجار زۆر لە گەنجان بێکارن.
زۆربەی ئەو گەنجانەی خوێندن و زانکۆیان تەواو کردوە، یان بێکارن یان بە کارێکی لاوەکی لە خوێندنەکەی خۆیانەوە مەشغوڵن.
بەشیکی زۆر لە گەنجان لە بەر بێدەرامەدی ناتوانن خێزان پێک بهێنن.
ناوەندی بارهێنا و ناوەندی تەفریحی و وەرزشیان زۆر کەمە.
رادەی گیرۆدەبوون بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە لە کۆمەڵگا دا بەگشتی و لە ناو گەنجاندا بەتایبەتی لە زیاد بوندایە. دەسەلأت خۆی لە رێگای دەست و پێوەندەکانیەوە بە شیوەی بەرنامەی دارێژراو پەرە بە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە دەدات.(رۆژهەلأتی کوردستان بەتایبەتی)
بێ هیوایی و ناهومێدی لە ناو کۆمەڵگا بەگشتی و لە ناو گەنجان بەتایبەتی لە پەرەسەندن دایە.

ژنان

بێجگە لە ستەمی نەتەوایەتی، بە هۆی دەسەلأتی ئیسلامیەوە ژنان بە نیوەی پیاو دەژمێردرێن.
ژنان لە باری کۆمەلأیەتی، داهات، سەرپەرشتی مندالأن و شوێنی ژیان هیچ پاڵپشتیکی کۆمەلأیەتیان نیە.
ئەم هۆیانە وایان کردوە کە ژنان ملکەچی دەسەلأتی پیاوان بن.
ژنان بەهۆی بێداهاتی خاوەنی پێگەیەکی لاوازن لە کۆمەڵگادا.
سالأنە دەیان ژن لە ژێر پەردەی پاراستنی ناموس دەکوژرێن بە بێ لێپەسینەوە.
دیاردەی سەنگسار دیاردەیەکی باوە لە کۆماری ئیسلامی ئێران.

مندالان

لەگەل ئەوەی داگیرکەران و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران کۆنوانسیونی مافی مندالأنیان واژۆ کردوە بەلام پێشێلکاری ئاشکرای مافەکانیان داکەن.
زۆربەی مندالان خاوەنی دنیای مندالی خۆیان نین.
خوێندن بە زمانی دایکی لە مدرەسەکاندا قەدەغەیە.
مندالی کار لە کۆماری ئیسلامی ئێران دیاردەیەکی ئاساییە.

پاڵپشتی بۆ مندالان له لایەن دەسەڵات و کۆمەڵگاوە نیه.
ئالودەبوون بە مادە بێهۆشکەرەکان لە ناو ئەم توێژەشدا روو لە زیادبوونە.
ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی
له کۆماری ئیسلامی ئێران و سوریە ئازادی سیاسی، کۆمەڵایەتی، بیرورِا، رۆژنامەگەری و میدیا هیچ بوون و مانایەکی نیە.
له ولاتی وەک تورکیاش، له ژێر زەختی ئوروپاو هێزی ئوپوزیسیونی دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بە رەواڵەت هەندێ رۆژنامەی کوردی یان تورکی دەنگ ئازاد هەن کە ئەم رۆژنامانەش رۆژانە بە هۆی دەربرِینی بیرورِای جیاواز دادەخرێن و نووسەر و خاوەن ئیمتیازەکانیان رەوانەی بەندیخانەکان دەکرێن.
دەسەڵاتی خەڵک وەک نوێنەرایەتی شارەوانیەکان کە بە پێی هەڵبژاردنی خۆیان هاتونەتە ئاراوە. لە باتی ئەوەی هاوکاری بکرێن، تەگەرە دەخرێتە کارەکانیان و دەسبەسەر دەکرێن و رەوانەی بەندیخانەکان دەکرێن.
زیندانەکان له خەڵکی بێتاوان ئاخنراون و چالاکانی مەدەنی چاوەرێی ئێعدامن.
ژینگە
ژینگەی کوردستان لە ژێر سیاسەتی داگیرکەرانەی ئەو رژیمانە رولەفەوتانە.
بە بیانووی ئەحزابی کوردی چیاکانی کوردستان رۆژانە بە چەکی قورس و قەدەغەکراو بۆمباران دەکرێت.
دێهاتەکان چۆڵ کراون و خەڵکی گونداکان ئاوارە کراون.
بەهۆی ئەم بۆمبارانانەوە، ئاگر دەکەوێتە چیاکان و ژینگە و لەوەرگەکان لەناو دەچن.
بەهۆی نەبوونی پرۆژەی دروست و زانستی و بەکارهێنانی بە هەڵەی ئاو، ئاوی کانی و چومەکان روولە کەمبوونە.
دەریاچەی ورمێ رولە کەمبوون و هەرەشەیە بۆ ژینگە و مەلە رەوەکەکان
ئاو و هەوای ناوچە بەگشتی روو لە گۆران دایە و دروستبوونی گێژەڵوکە و بارینی خۆڵ و تاریکبوونی هەوا لە رۆژدا، باس لە رەوتی خێرای پیسبوونی ژینگەدەکات.
ئابووری
کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاوردەکردنی بێ رەویەی دانەوێڵە، بەربەرەکانێ لەگەڵ بەروبومی جوتیارانی خۆیی داکات.
تەگەرە دەخاتە پێش فرۆشی دارایی جوتیاران، بە شیوەی شیاو داهاتەکانیان ناکرِێت و پشتگیری پێویستیان ناکات.
لەگەڵ ئەوەی کوردستان دەولەمەندە لە باری کانزاییەوە، بەڵام بوونی کارخانە زۆر کەم و لاوازە، لە بەراورد

لەگەڵ شوێنەکانی تر.
ئیستاش لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداو و دانانی هێلی 36 و لاواز بوونی دەسەلاتی سەدام و لە دواییدا روخانی و گۆرانی هەندی معادلاتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کورد بوە خاوەن نیمچە دەسەڵاتێک لە باشوری کوردستان. ئەم نیمچە دەسەلاتە بە هەموو کەموکوڕیەکانیەوە بوەتە روناکی و ئاواتی کوردی باقی پارچەکانی دیکە.
داگیرکەران چاوی دیتنی ئەم روناکیەیان نیە، هەریەکە لە لایەکەوە بەربونەتە جەستەی لاوازی.
تورکیا و ئێران بە هاوکاری سوریە، بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بە بەهانەی بوونی پارتە کوردیەکان، بەردەوام بە چەکێ جوراوجۆر و قەدەغەکراو ناوچە سنوریەکانی باشوری کوردستان بۆمباران دەکەن. بە دەیان کەس کوژراوە و بە هەزاران کەس ئاوارە بوون، ژینگە سوتاوە و مال و دیهاتەکان روخاون و چول کراون، بە هەزاران ئاژەڵ و پەلەوەر تیاجوون.
تورکیا هەر چەند ماوە بە سەدان هەزار هێزی سەربازی کۆ دەکاتەوە و هێرش دەکاتە کوردستان.
دەوڵەتی تازە پێگرتووی عێراقیش لەگەڵ ئەوەی خۆی خاونی هیچ دەسەڵاتێکی ناوخۆیی نیە، بە درێژایی ئەم چەند ساڵە تەگەرەی خستوەتە بەر کارەکانی حکومەتی هەرێم و راستەوخۆ شەڕی پێ دەفرۆشێ.
مادەی 140 کە مادەیەکی دەستوریە و زیاتر لە 60لەسەدی خەڵکی عێراق دەنگی پێداوە (گەڕانەوەی ناوچە داگیر کراو و بەعەرەبکراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان) جێبەجێ ناکات و بە مادەیەکی مردوی دەزانێ.
گرێبەستە نەوتیەکان کە بە پێی یاسای نەوت و گازی کوردستانە، بە نا یاسایی لەقەڵەم دەدات و هەڕەشە لە کۆمپانیا بیانیەکان دەکات کە خاوەنی ئەم گرێبەستانەن.
بەرز نەکردنەوەی پلەی ئەفسەرانی کورد لە هێزە ئەمنیەکانی عێراق.
دانەمەزرانی کرێکارانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک.
سەرباری هەموی ئەمانەش، کشانەوەی ناوختی هێزەکانی ئەمریکا پێش تەواو بوونی ئەرکەکانیان، جارێکی تر هەرەشەی لاوازبوون و لەناوچونی دەسەڵاتی کوردی دەکات. ئەم کشانەوەیە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕیکی ناوخۆیی لە عێراق و بە دەسەڵات بونەوەی بەعس، قاعیدە و توندڕەوە ئیسلامیەکان، کە ئەوەش لەخۆیدا هەڕەشەیە بۆ کومەڵگای مروڤایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.
ئێمە داوا لە هەموو وڵاتانی دیموکرات، مرۆڤدۆست، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان و لایەنە پێوەندی دارەکان دەکەین هەوڵ بدەن بۆ پشکەش کردنی ئاڵترناتیف یان پلادفورمێک بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە و پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاراستنی لەم قۆناغە هەستیارەدا.

با بۆ جارێکیش بووە ئەرکی مرۆڤایەتی خۆیان بەرانبەر بە نەتەوەی کورد بەجێ گەیاندبێ.
ئەمانە هەموو دەلالەت لە موستەعمەرە بوونی وڵاتی ئێمەدەکات.